سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پرۆسەی دەنگدان لە قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران دەستپێدەکات

بەیارە ئەمڕۆ هەینی 5ـی تەمموزی 2024، لە سەرانسەری ئێران کاتژمێر 8ـی سەرلەبەیانی پرۆسەی دەنگدان لە قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران دەستپێدەکات.

لە قۆناغی یەکەمدا کە هەینی ڕابردوو بەڕێوەچوو، شەش کاندید لەکابێری یەکتریان کرد کە لەئەنجامدا دوو کاندید هاتنە قۆناغی دووەم، لەم قۆناغەشدا مەسعوود پزشکیان و سەعید جەلیلی لەکابێری یەکتر دەکەن بە مسۆگەرکردنی دەنگی زۆرینە لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئێران.

شایەنی باسە، لە سەرانسەری کۆماری ئیسلامی ئێران و ناوچەکانی کوردستان 61 ملیۆن و 452 هەزار و 321 کەس مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار.